# بەرەی تورکمانی لە کەرکوك بۆ هەڵبژاردنەکان تەزویر دەکات

ئۆژین کەریم/کەرکوك

گومانی تێدا نیە کە تورکمان مێژوویەکی دێرینی هەیە لە پێکەوە ژیانیان لە گەڵ نەتەوەی کورددا لە کەرکوك و چەندین تێکەڵاوی خێزانیشیان هەیە و دروستکردووە، نە کورد و نە تورکمان لارییان نیە لەو پێکەوە ژیانە، بەڵام ئەمڕۆکە کۆمەڵێکی دی پەیدابوون و ناوی خۆیان ناوە (جەبهەی تورکمانی) و لە کەرکوکدا چەندین بارەگاو رێکخراویان هەیە بە پاڵپشتی تورکیا و بۆ جێبەجێکردنی مەرام و سیاسەتەکانی ئەوان، خۆیان کردۆتە دەم سپی تورکمان و بە ئارەزووی خۆیان بڕیار و لێداوان بەناوی تورکمانەوە دەردەکەن، کە هەموو تورکمانی شاری کەرکوك لەگەڵیاندا نیە رێژەیەکی کەم نەبێت ئەوانەی بۆ پارە و مەبەستی تر لە دەوریان کۆبوونەتەوە، یا شۆڤێنیانە بیر دەکەنەوە و بە رێنمایی دەوڵەتی تورك دژایەتی نەتەوەی کورد دەکەن بە پشتگیری کردنیان لە عەرەبی هاوردە و کۆنە بەعسیەکان.

لەم سەروبەندی هەڵبژاردنانەدا جەبهەی بەناو تورکمانی لە کەرکوك چەندین کەسی بە رەگەز تورکی هێناوە و دەنگی پیداون و لەسەر سندوقی دەنگداندا وەکو چاودێر دایناون، کە خۆشبەختانە دوو کەس لەوانە کە بە رەگەز تورکن و خەڵکی ئەنقەرەن ئاشکرابوونە کە هەردوکیان لە تەلەفزیۆنی جەبهە کاردەکەن، سەرەڕای تەزویر و هەوڵی نانەوەی ئاژاوە لە کەرکوك لەکاتی پرۆسەی دەنگدان، تەلەفزیۆنی جەبهە دەیویست و دەیەوێت شەڕێك بەرپا بکات لە کەرکوك بەمەبەستی ئەوەی بتوانێ بەو شەڕ وئاژاوە و هەرایە بونی خۆیان بسەلمێنن و تورکیای ئەتاتورکی خوێنڕێژ لەسەریان بەدەنگ بێت و بە قازانج بەلای خۆیاندا بشکێننەوە بەوەی کە لە کەرکوك غەدر لە تورکمان دەکرێت.